www.kurdistannet.org
23-12-2006 20:44بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئایە پرۆژەی بیکەر- هاملتۆن دەبێتە هۆی دەرچوونی ئەمریکا لەم قەیرانە؟ ... بەختیار سامی

دوای 11ی سپتێمبەر جیهان پێی نایە قۆناغێکی سیاسی و ئابوورو کۆمەلایەتی تازوە، زۆر خێراتر لەوەی کە ئەمریکا پێشتر بەرنامەی بۆ دارشتبوو. شەری کەنداو کەلەسالی 1991 روودا لەوکاتەوە ناوچەی خۆرهەلاتی ناوەراست کرایە مەیدانی شەرو ساغ کردنەوەی کێشە سیاسی و ئابووریەکانی نێوان وولاتە زلهێزەکان لەبابەتی ئەمریکاو روسیاو چین و یابان و یەکێتی ئەورووپا. بۆیەش ئەم ناوچەیە هەلبژێردرا لەبەرئەوەی سەرچاوەیەکی زۆری نەوتی لی دەست دەکەوێت. ئەمریکا بەهەموو توانایەکانیەوە هەولیدا لەماوەیەک کورت ئەو ناوچانە بخاتە ژێر کۆنترۆلی خۆی و سیستەمی ئابووری جیهان جارێکیتر بەپێ ی بەرژەوەندی خۆی دابرێژێتەوە. بەبێ لەبەرچاوگرتنی بارووۆخی سیاسی و ئابووری جیهان وبەتایبەتی رۆژهەلاتی ناوەراست کەکۆمەلێل کێشەی سیاسی بێ جواب مابۆوە بەتایبەتی کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل.

. ئەمریکا پێ ی وابوو پاش رووخانی یەکێتی سۆفیەت تەنها ئەمریکایە دەتوانێ لەرێگای هێزی نێزامیەوە دەسەلاتی خۆی بەسەر زلهێزەکانی تری دونیا داسەپێنێت و وەک تەنها هێزێک لەئاستی دوونیا بمێنێتەوە.

جۆرج بۆشی سەرۆک کۆماری ئەمریکاو دارو دەستەکەی بەونەتیجەیە گەیشتن لەرێگای هێزی نیزامییەوە هێرشی سەربازی بکەنە سەر ئەو وولاتانەی کە مەبەستیانە بەتایبەتی لەسەراتا لە ئەفغانستان و پاشانیس لەعێراقەوە دەست پی بکەن. بۆش و دارودەستەکەی لەسەراتا بەتەبلیغاتێکی زۆر وشیارانە وشیعاری فریودەرانە لەژێر ناوی گەشەی دیموکراسی و شەری دژە تیرۆر توانیان پشتیوانی زۆربەی خەلکی ئەمریکا بۆخۆیان بەدەست بهێنن. هەروەها لەشەش سالی رابردوود بەهۆی بەدەستەوەگرتنی هەردوو ئەنجومەنیشەوە توانیان سیاسەتەکانی خۆیان ببەنە پێشەوەو پێشێلی هەموو بریارێکی رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتوەکان و مافی مرۆڤ بکەن.

بەلام ئەمریکا نەک هەر نەیتوانی بەنیشاندانی هێزی نیزامی وولاتانی وەک ئەورووپاو چین و یابان و روسیا بکێشنە ژێر کۆنترۆلی خۆی و خۆشی ببێتە تەنیا هێزێک لەئاستی جیهان، بەلکو روو بەرووی کۆمەلێک گیروگرفت بۆتەوە لەئاستی جیهان و ناوەخۆی ئەمریکا، بەئاسانی ناتوانێ خۆی لێ رزگار بکات. بەدەستپێکردنی شەر لەئەفغانستان و عێراق نەک نەیتوانی ئەمن و ئاسایش و دیموکراسی بۆئەو وولاتانە دامەزرێنێت. بەلکو بوەهۆی لێک هەلوەشانەوەی هەموو پەیوەندیە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتییەکانی خەلک ودووروست بوونی شەری ناوەخۆ.

ئەمریکا لەعێراق بەرەو رووی سێ گیروو گرفتی سەرەکی بۆتەوە

. 1- نارەزایەتی و شەری بەردەوامی گروپە ئیسلامیەکان لەبابەتی رێکخراوەی قاعیدە کەرۆژانە چەند سەربازێکی ئەمریکی دەکوژن یان بە کاری خۆتەقاندنەوە چەندین خەلکی بێتاوان دەکوژن بۆئەوەی ئەمریکا نەتوانێ ئاسیشی عێراق بپارێزێ. وە هەندێک لە هێزە کانی تری شیعەش کە نارازین بەمانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق داوای دەست بەجێ چونەدەرەوەی هێزەکانی ئەمریکا دەکەن لەعێراق فشارێکی زۆریان بۆ هێزەکانی ئەمریکا هێناوە.

2- ناکۆکیەکی زۆر لە نێوان ئەو هێزە سیاسیانەی کە بەشدارایان کردوە لە پێک هێنانی پەرلەمانی حکومەتی عێراق، کە پێک هاتوە لە نوێنەری کوردو شیعەو سونەو سەرۆک عەشیرەتەکان. کەناتوانن لەسەر بچوکترین خال لەگەل یەکتری رێک بکەون ئەگەر لەژێر فشاری ئەمریکا نەبێت.

3- دەخالەتی وولاتانی دراوسێ تاکو ئەوکاتەی ئەمریکا هەرەشەلە ئێران و سوریا بکات. بەئاشکرا ئەم دوو وولاتە نایانەوێ ئارامی لەعێراق دوورستبێت. دەیانەوەی شکست بەبەرنامەی ئەمریکا بهێنن لەناوچەکە بەشێوەی جۆراوجۆر دەخالەت دەکەن لەوەزعی سیاسی عێراق. تورکیاش لەبەر مەسەلەی کوردستانی عێراق پشتیوانی لە پرۆژەی ئەمریکا ناکات.

هەر بۆیە بارودۆخی سیاسی و ئابوەری و کۆمەلایەتی عێراق رۆژ بەرۆژ ئالۆزتردەبێ. شەری وکۆلان و مال بەمال لە نێوان هێزەکانی شیعەو سونە، گەشەسەندنی تایفگەری و عەشیرەتی، بەهێزبوونی ناسۆنالیزمی عەرەب و ئیسلامیە توندرەواکان. نارەتایەتی وبێزاری خەلک لەدژی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی. نەبوونی کارو هەژاری و گرانی. نائەمنی و نەبوونی هیچ خەدەماتێکی کۆمەلایەتی وەک ئاو کارەبا.... هتد

لەئاستی جیهانیش

تەجرووبەی شەش سالی رابردوو ئەوی بەجیهان نیشاندا ئەمریکا ناتوانێت لەبەرامبەر وولاتانی وەک یابان و روسیا و چین یەکێتی ئەوروپا، گەشە بەئابووری خۆی بدات و وەک تەنیا هێزێک لەجیهانە بالادەست بێت، و چارەسەری کێشە سیاسیەکانی جیهانیش بکات.

بارووداۆخی سیاسی وئابووری فەلەستین رۆژبەرۆژ ئالۆزتر دەبێت رێکەوتنی نێوان ئیسرائیل و فەلەستین دژوارتر بۆتەوە. لبنان پاش چەند سال ئارامی جارێکیتر شەرو کوشتار لەنێوان هێزەئیسلامیەکان بەتایبەتی حیزب الله و ئیسرائیل دەستی پێکردۆتەوە. تەنگژی نێوان ئێران و ئەمریکا لەسەر بەدەست هێنانی چەکی کیمیاوی هەربەردەوامە. کۆماری ئیسلامی ئێران بۆتە پشتیوانیەکی بەهێزی هەموو لایەنە ئسلامیەکانی دژ بەئەمریکا لەناوچەکە.

سەرەرای جیاوازی نێوان ئەو هێزە ئیسلامیانە بەلام ئێستا گەورەترین هێزی سیاسیین بەشێوەی چەکدارانە لەئاستی دونیا لەدژی ئەمریکا شەر دەکەن. لەرووی ئایدۆلۆژیەوە ئامادەن گیانی خۆیان فیدای ریبازەکایان بکەن.

ئەمریکا بەهۆی شەری لەعێراق و ئەفغانستان دووژمنە کۆنەکانی لە وولاتانی ئەمریکای لاتین فرسەتیان بەدەست هێناو لەرێگای هەلبژاردنەوە جارێکی تر لە ڤەنزوێلاو بەرازیل و ئەرجەنتین و شیلی و پەنەما و بلوڤیا دەسەلاتیان گرتەوە دەست و بونەتە پشتیوانیەکی بەهێزیش بۆ کوبا.

بزووتنەوەی دژی شەرو بزووتنەوەی دژی سەرمایەداری سەرەرای هەرجیاوزی و پەرش و بلاویەکی فکری نێوان ئەو بزووتنەوەیە توانیویەتی ببێتە هێزێکی کۆمەلایەتی زۆر لەئاستی دونیا لەدەوری شیعارەکانی دژی شەر و دژی سەرمایەداری لەبەرامبەر سیاسەتەکانی ئەمریکا بەتایبەتی دەست پێکردنی شەر لەدژی وولاتان بوەستێتەوە. کراوە ئەم بزووتنەوەیە هێزی نارەزایەتی خۆی نیشانداوەو هەندێک جار G8هەرکاتێک کەکۆبوونەوەی سەرانی بۆتەرێگر لەبەردەم سەرکەوتنی کۆبوونەوەکانی ئەو وولاتانە.

هەژاری و برسیەتی و نابەرابەری، نەخۆشی کوشندە، زیادبوونی دانیشتوان و کێشەی خانوو، پەروەردەو زانست، بێکاری، نائەمنی، کەمکردنەوەی بیمە کۆمەلایەتیەکان.

لەئاستی جیهان و ناوەخۆی ئەمریکاش هیچ کاتێک بەقەدەر ئێستا خەلک نفرەت و بێزاری خۆیان لەدژی سیاسەتی راست رەوانەی ئەمریکا دەرنەبریوە.

بۆ جیهان ئاشکرا بوو بۆش ودارو دەستەکەی نەک هەر نەیان توانی یارمەتی دەربن بۆ گەشەی دیموکرسی ودامەزراندنی ئەمن وئاسایش، بەلکو بونە هۆی گەشەدانی شەرو کوشتار بەرتەسک

کردنەوەی ئازادیە سیاسی و کۆمەلایەتیاکان و بەهێز کردنی بیری ناسیۆنالیستی و مەزهەبی و تایفەگەری.

ئەمریکا بەهۆی ئەو باروو دۆخە سیاسی و ئابووریەی کە لە ئاستی جیهان روبەروی بۆتەوەو ناتوانێت چیتر ئاوا درێژەی پێبدات پێویستی بەئالوو گۆری سیاسی هەیە

پرۆژەی بیکەر-هاملتۆنیش تەنها رزگار کردنی ئەمریکایە لەو قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتیەی کەروو بەرووی بۆتەوە. بەبێ لەبەرچاو گرتنی بەرژەوندیە سیاسی وئابووری و کۆمەلایەتیەکانی کۆمەلانی خەلکی عێراق دەیانەوی جارێکیتر عێراق بەپێ ی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانی خۆیان دابرێژنەوە.

2006/12